
## زۆرن ئەوانەی پسولەی کورسی شەمەندەفەری خەبات دەبڕن بەلام،کەمیان تاسەر وەک شەهید فاروق جەبار ژوانی سەفەریان بەرنەداوە

ئامادەکردنی- بەختیاربەکر/ هۆڵەندا



9 ساڵ لەمەوبەر، لەرۆژێکی وەکو ئە مرۆدا 1996/9/5 هەورێکی رەش پانتای ئاسمانی دێگەڵەی داگیرکرد، لەگەڵ خۆیا زریانی مەرگی هانی وهەواڵی شە هید بوونی رۆڵەیەکی بەئەمەکی ناوسەنگەری خەباتی لە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان راگەیاند، ئەویش پێشمەرگەی ماندونەناس کاکە فاروق جەباربوو.

بەشەهید بوونی کاکە فاروق جەبارکەلێنێکی گەورەکەوتەنێو کۆڕی خەبات وتێکۆشانی هەڤالانی لەکوردستان و بەتایبەتی شاری قەلاومنارە، بۆیە ئەو رۆژە بووە رۆژێک لەخەم ومەینەت بۆ ماڵ ئاوای کردنی شەهید لە کەس وکارو هاورێ یانی خۆشەویستی بەتایبەتی کاک کۆسرەت رەسوڵ.

هەر کاتێک ناوی شە هید فاروق بێت، یادویادگاریەکانی رۆژانی سەخت وقوربانی دانی ئەوهولۆ چا لە کوردستان وبێ باک لەمردن وبێ سڵمینەوەلەدوژمن مان بیر دەخەنەوە، کەچۆن وەک هەڵۆ ئاسا لەتۆمار کردنی داستانەکاندا لەپێش هەموانەوەبوو،تا ئەوکاتەی مەدالیای نەمری هەتاهەتایی بەخۆی وپارتەکەی و هەڤالانی وکەس وکاری و خەڵکی کوردستان بری،بۆیە هیچ کاتێک هەڤالانی ناتوانن چاولەچیای کوردستان بن ورۆژمێری ئەم کەڵە سەرکردەیە لە یادبکەن، بۆیە هەردەم کاروانی شەهیدانمان وخوێنی گەشیان وەک رووبار لە پێشکەش کر دندایە تائەوکاتەی ئاوات وخۆزگەی هەمووشەهیدانی کوردوکوردستان بەئامانجی سەر فرازی ئەگەن لەیەک گرتنەوەی جەستەکانی کوردستانی گەورەم.

خۆزگە شەهیدفاروق ئالەم کات وساتەدا بمایەوئەویش وەک هەموو هەڤالانی شادبوایەبەدەسکەوتەمێژوویە یەک لە دوا یەکەکانی میللەتەکەی ویەک بوونی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ویەک بوونی هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کوردوسووربوونیان لەچەسپاندنی مافەرەواکانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان وبوونی بەرێز مام جەلال بەسەرۆک کۆماری عێراق وبەچاوی خۆی چەپکێک لەوگولانەی بۆن بکردایەکەئاواتەخوازی بوو، خەباتی لەپێناوداکرد. ئەمرۆ لەناوماندابوایەو کۆرپەچاوگەشەکانی لەباوەش بکردایەوسرووودی کوردایەتی ومەردایەتی بەگوێ یاندابچرپاندایە.

بە ریزان...

قەدەروای خواست کەشەهید فاروق نەتوانێ لەم کەش وهەوای ئازادی ویەک بوونی و یەک هەڵوێستی کوردا بژی وبەدوابلێندی و سەرفرازی شەهید بوون گەیشت وبەشداری زیاتری نەکردلەسەقامگیری وولاتەکەماندا.

بەڕێزان،،،، ساڵ لەدوای ساڵ برینی دواسەفەروماڵئاوایی شەهید فاروق قووڵتر دەبێ کە دووره لە کەس وکاری ولەیەکێتی نیشتیمانی کوردستان وپێشمەرگەوسەرکردەکان وهەڤاڵانی بەتایبەتی بەڕێزکاک کۆسرەت.

بەڵام لەهەمان کاتیشدا یادکردنەوەویادەوەریەکانی شەهید فاروق وامان لێ ئەکات سووربین لەخەبات وهێنانەدی ئاواتەکانی.

بۆ نەوەی نوێمان وئەوانەی شەهید فاروقیان نەناسیوە، ئەگەرچی زۆر کەم یشن بفرموون لەگەڵ میژینەک لەژیان وخەباتی شەهیدفاروق جەباری شارەکەی قەڵاومنارە.

کورتەیەک لەژیان وخەباتی شەهید فاروق جەبار

فاروق جەبار کەریم لەساڵی 1965 لەشاری هەولێر لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی وناوەندی هەرلەم شارە تەواوکردوە، لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکان پەیوەندی بەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانە وە کردوە و خەباتی شاروشاخی بەیەکەوەگرێداوە،هەرلەم ساڵانەشدا بۆتە پێشمەرگەی کەرتی یەکی 91 ی سەفین بەڕابەری شەهید جوامێر سەعید لەگوندی زیارەت.

شە هید فاروق لەساڵی 1987 چۆتە ریزی مەفرەزەی شەهید سەردار کەسەر بەمەڵبەندی هەولێر بووە کە تایبەت بووە بەئەنجام دانی چالاکیەکانی ناوشاری هەولێر.


لەڕاپەرینە مەزنەکەی کوردستاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە ڕزگارکردنی سەرجەم شاروشارۆچکەکانی خاکی پیرۆزی کوردستانمان، وە بەتایبەتی هەولێر ودەوروبەری وکەرکوکی قودسی کوردستان کەئەویشیان بەسەرکردایەتی قارەمانی شار وشاخ هەڤاڵی بەڕێز کاک کۆسرەت بوو.

دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر لێهاتوویی وجوامێریان بۆتە لێپرسراوی دەستەی تایبەتی پارێزگاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێز کاک کۆسرەت وکراوەتە سەرۆکی یانەی وەرزشی برایەتی لەشاری هەولێر،بێگومان ئەمە شیان لەبەر خۆشەویستی وبایەخدانی بەرێزیان بەوەرزش ووەرزشوانان بووە.

بەرێزان لەدوای بەسەرداچوونی تەمەنێک لەخەبات کردن لەپێناو ڕزگار کردنی خاکی پیرۆزی میدیاکان، لەساڵی 1995 ماڵئاوایی لەئێمەوخاک ونیشتیمان ولە 3 ڕۆڵەوخێزانەکەی کرد وشەهید بوو لە تەوەری دێگەڵە لەسەرخاکی پیرۆزی کوردستان.



کاک کۆسرەت و ئاسۆ




لەساڵڕۆژی شەهید بوونی کاکە فاروق کتێبێک لەژێر ناونیشانی (نرکەی قەڵا) لە لا یەن مام هەژاری شاعیر ونووسەری گەورەی گەلەکەمان پێشکەش کرا بەسەروەری

گەل کاک کۆسرەت وکەس وکارانی شەهید، هەر لەم کتێبەش ئەم بەڕێزانەی خوارەوە تیشکیان خستە سەر جوامێری وبەوەفایی شەهید بەرامبەر بەخاکی پیرۆزی کوردستان.

یاد ویادگاریەکانی شەهید فاروق لە ووتەی هەڤاڵەکانی دا



قارەمانی شاروشاخ هەڤاڵی بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسوڵ


شەهید فاروق یەکێک بوو لەو پێسمەرگانەی کە لەژیانی شاخ وشاردا پێشمەرگەو براوهاوڕێ ی هەرە خۆشەویست ونزیکم بوو.

کاکە فاروق جەبار،، کەجێ ی ئەوبڕواو متمانە زۆرە ی من وهاوڕێ کانم بوو، لەزۆر بەی مناسەبەی خۆشی وناخۆشی بەناوی خۆمەوە وەک نوێنەری تایبەت لەبری من ئامادە دەبوو، لە هەر شوێنێ من ئامادە نەبوومایە ئەو دەم ڕاست وجێگرم بوو.

جگە لەوەی لەناو ی. ن. ک خۆشەویستی هەموولایەک بوو، لەدەرەوەی ریزەکانی،یەکێتیش دا بەهەمان شێوە شەخسیە تێکی گەورەبوو لە هەموو موناسەبەکانیش شوێنی تایبەتی خۆی هەبوو،، تەنانەت کەمیوانداری بەڕێز مەسعود بارزانیمان دەکرد جەنابیان داوای دەکرد کەوا شەهید فاروق لەگەڵمان بەشداری نان خواردن بکات ولە سەرهەمان خوان لەگەڵمان دانیشێت.

لەکۆتایی دا بەوپەڕی ڕێزەوە ئەڵێین بۆ تۆ نەمری سەربەرزی لەئێمەش پەیمان ووەفا.

هەڤاڵی بەڕێز کاک مەلا بەختیار



بەهێزوئازایەتی ودڵسۆزی خۆی بەهێمنی وڕاستگۆیی خۆی، لەخەباتی پێش مە ر گایەتی شاخ وشار هەروەها لە راپەرین وئەرکی پاراستنی سەرۆکی حکومەتدا،وێرای ڕێزی لەیانەی برایەتی ولە ناو وەرزشکاراندا توانی وەکو شۆڕشگێڕێک ودڵسۆزێک وپشتیوانێکی وەرزش ببێتە شەهیدێک شایستەی نەمری هەمیشەیی بێت.

هەڤاڵی بەڕێز کاک سەعدی ئەحمەد پیرە



هەرچەندە زۆر درەنگ یەکترمان ناسی لەبەرئەوەی من لەدەرەوە بووم بەڵام بەماوەیەکی کورت توانی بەئازایەتی وقسەخۆشەکانی جێگای تایبەتی بۆخۆی لەناودڵم بکاتەوە.

فاروق جەبار تەمەنی هۆشی زۆر زیاتر بوو لەتەمەنی زەمەنی بۆ یە هەمیشە هۆشیاری تەواوی پێوە دیار بوو لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا، جگەلەوەی وەفادار وسەرکەوتوو بوو لەکارەکانی.

5-9-2005 1:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەڤاڵی بەڕێز کاک ئاسۆ



هاوڕێ فاروق ئەوبرادەرە دڵسۆزو بەئەمەکەی سەنگەری شاروشاخم بوو کە هەتاهەتایە وێنەو هاوکوفی نابێتەوە.
ئەو پێشمەرگەو فەرماندەخۆشەویستە ش بوو بەدڵێکی پڕ لەسۆزوناسکەوەبەرگوی سەدان قارەمانیەتی سەخت وشەوانی پێشمەرگایەتی وهێرشی دوژمنانی دەگرت.



شامێری شەهیدان (**فاروق جەبار**) لەگەڵ سەروەری گەل بەڕێز (**کۆسرەت رەسول عەلی**) لە بارەگای سەرکردایەتی لە گوندی (**زەڵێ**) زستانی١٩٨٩



لەکۆتایدا

ئەوەندە ماوە بیڵین بەشەهیدوگشت شەهیدانی کوردستان، مژدەتان دەدەینێ تاسەرکەوتنی خواست و ئاواتی ئێوە ئێمەش هەڵگری مەشخەڵانی شۆڕ ش بین.